# وەقایعی کوردستان

رۆژنــامــەی ڕەسـمیی هـەرێمی کـوردسـتانە - وەزارەتـی داد دەری دەکــات

ژمارە(٣٤١)    ساڵی بیست و شەش    ٢٤ شوبات ٢٠٢٦زایینیی    ٥ ڕەشەمێ ٢٧٢٥ کوردی    ٧ رمضان ١٤٤٧ کۆچی

341

**بڕیاری ژمارە (٢٩٣)ی ساڵی ٢٠٢٦ ئەنجومەنی وەزیران** لا ١

پێکهێنانەوەی لێژنەی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٤

پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگەی بەرهەم هێنانی زەیتی زەیتون

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٩

تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی قارچك

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ١٣

هەموارکردنەوەی ڕێنمایی کەرەنتینی ڤێتێرنەری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان** ١٤

ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ١٦

تایبەت بە هەموارکردنەوەی برگەی (یەکەم و سێیەم و چوارەم)ی ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ١٦

گەڕانەوەی ڕێـژەی (١٠٠%)ی داهـاتی پشـکنینی هـاویەکبوون (فحوصـات المطابقـة) بـۆ دەسـتەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەرێم

**ڕێنمایی گومرگی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ١٧

هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ** ١٨

فراوانکردنی حەرەمی گوندی (بیساتا سەری)

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ** ١٨

گواستنەوەی گوندی (گولانی سەروو)

**بەیانی ژمارە (١ - ٤)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ١٩

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ٢٠

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فڕەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**
**ژمارە: ١٣٢ لە ٢٠٢٦/٢/٢٣**

پاڵپشت بەبڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (٢)ی پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٠، بەپێی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (٤٧١٥) لە ٢٠٢٤/٩/٢٩ و ژمارە (١٠٥٦) لە ٢٠٢٦/١/٢٥، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیرانی دارایی و ئابووری و تەندروستی، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦
## ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی

**ماددەی (١):**

بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی هەر کەسێکە کە لەئەنجامی تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمە داپڵۆسێنەرە یەک لەدوای یەکەکان لە کوردستان، زیانی جەستەیی بەرکەوتبێت و کاریگەریەکانی بەردەوامبێت.

**ماددەی (٢):**

لیژنەی پزیشکی پسپۆر کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە پێکدەهێنرێت بۆ پشکنینی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، کاریگەری و ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی دیاری دەکات.

**ماددەی (٣):**

بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بۆ تۆمارکردنی، داوایەک لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان پێشکەش دەکات و دوای ڕێکخستنی دۆسیەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە ئاراستەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکرێت بۆ پەسەندکردن و ناردنی بۆ لیژنەی پزیشکی.

**ماددەی (٤):**

هەرکەسێک ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە (٥%) زیاتر بێت و لەلایەن وەزارەتی تەندروستی پشتراستکرابێتەوە، بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری تەندروستی بێ بەرامبەر لە نەخۆشخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەفتەرێکی چارەسەری بۆ دروستدەکرێت.

**ماددەی (٥):**

ئەوانەی کە ماددەی (٤)ی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە پاش پەسەندکردنیان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە فەرمانی وەزاری لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان مینحەیەکی مانگانەیان پێدەدرێت بەپێی ڕێژەی بەرکەوتەییەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی کە ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە (٥%) تا (٣٩%) مینحەیەکی مانگانەی بەبڕی (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار دینار بۆ دیاری دەکرێت.

**دووەم:** بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی کە ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە (٤٠%) تا (٥٩%) بێت مینحەیەکی مانگانەی بەبڕی (٢٥٠,٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار دینار بۆ دیاری دەکرێت.

**سێیەم:** بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی کە ڕێژەی بەرکەوتەییەکەی لە (٦٠%) و زیاتر بێت مینحەیەکی مانگانەی بەبڕی (٤٠٠,٠٠٠) چوارسەد هەزار دینار بۆ دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٦):**

مینحەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی ڕێگر نیە لەوەرگرتنی هەر مووچە و مینحەیەکی تر کەبەرکەوتووی چەکی کیمیاوی وەریدەگرێت.

**ماددەی (٧):**

مینحەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی تایبەتە بە وانەی ماددەی (٤)ی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە و لە کاتی کۆچی دواییان بۆ پاشەنشینەکانیان و (وارسەکانیان) ناگوازرێتەوە.

**ماددەی (٨):**

ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٩):**

کار بەهیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٠):**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێدەکرێت.

**عبدالله حاجی محمود**

**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**